# هەڵوێستی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان سەبارەت بە بەیاننامەی هاوبەشیحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وحیزبی پان ئێرانیست

بەشی دووهەم و کۆتایی: ئەوان، ئێمە، کام ڕێگا؟

## ١- کێشەی دوو ناسیونالیسم

ناو و نیشان و ئامانجی حیزبی پان ئێرانیست، سیمبولی ناسیۆنالیزمی ئێرانییە. پان ئێرانیستەکان حاشا لە بوونی نەتەوە جیاجیاکان لە ئێراندا دەکەن، لە سەر ئەو باوەڕەن کە وڵاتێکی یەك نەتەوەییە، "نەتەوەی ئێران". نیشانی ئەم حیزبە (ئارم)، بریتییە لە بازنەیەك کە خەتێکی لار بەسەر دوو هێڵی هاوتەریب دا هاتووە، کە هێمایە بۆ ڕەتکردنەوەی یەکسانی و وەکیەکی و پاوانکردن و دابەشنەکردنی دەسەڵات(١). ئامانجی پان ئێرانیستەکان بریتییە لە تواندنەوەی هەموو نەتەوەکانی ئێران لە نەتەوەی سەردەستی فارس دا و دەڵێن: "ئێران وڵاتێکی فرە تیرە و فرە مەزهەبە، نەك فرە نەتەوە" و "زمانی فارسی ڕۆح و ڕەوانی نەتەوەی ئێمەیە" و خوازیاری "پێکهێنانی فەرهەنگستانی هابەشی فارسی لە نێوان تاجیکستان و ئەفغانستان و ئێرانی ئێستا"دان(٢). ساڵی ١٩٩٥ یەکێ لەوانە لە ڕۆژنامەیەکی ئێرانیدا نووسیبووی "من دیکتاتۆر نیم و باوەڕم بە دیکتاتۆریی نییە، بەڵام لە کاتێکدا کە دیکتاتۆرییەت بۆ پاراستنی یەکێتی ناسیۆنال و زمانی ناسیۆنال پێویست بێ، پشتگیری دیکتاتۆریی دەکەم".

ناسیۆنالیزمی ئێرانی، ئامانج و ڕێباز و کلتوری پان ئێرانیستەکان و هەموو ئەوانەی وەك ئەوان بیر دەکەنەوە و لە حیزب و ڕێکخراو و دەستەی جۆراوجۆری ئێرانیدان؛ درێژ بووەوەی ئامانج و سیاسەتەکانی ڕەزاخانی ملهوڕە. ڕەزاخان کە ساڵی ١٩٢٠ لە ڕێگای کودەتاوە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، بە پشت بەستن بە ئەرتەش و دام و دەزگاکانی دەوڵەت کەوتەکار بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە فرە نەتەوەییە، بکاتە خاوەن یەك پێناسی نەتەوەیی و کلتوری و جوغرافی. ئەو لە ماوەی ٢٠ ساڵ فەرمانڕەواییدا، شۆڤینیزمی ئێرانی کردە سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەت و هەر دیاردەیەکی نەفارسی دایە بەر بێبەزەییانەترین هێرش.ساڵی١٩٣٠، ڕاپەڕینی گەلی کوردی، بە کوشتنیسمکۆی قارەمان، ڕێبەری ئەو ڕابوونە نەتەوەییە، دامرکاندەوە. ڕەزاخان جلوبەرگی کوردیی و قسەکردن بە زمانی کوردییلە هەموو قوتابخانە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی میریدا قەدەغە ڕاگەیاند. زۆر نەریت و بۆنەی ڕەسەنی کوردی هەڵگرت. ژمارەیەك لە عەشیرەتە کوردەکانی تووشی ڕاگوێزانی زۆرەملی کرد. بێجگە لەوەش کوردستانی لە روی ئابووری و پێڕاگەیشتن و ئاوەدانکردنەوە و کاروباری لەشساغییەوە بە تەواوی پشتگوێ خست.

ئەو دەسەڵاتەی رەزاخان سانترالیزەی کرد، تەنیا خاوەنی یەك ناسنامە بوو. ناسنامەی فارسی. ئەو لە هیچ شتێ بۆ تواندنەوەی کولتور و رەنگ و رووی نەتەوە نەفارسەکان و یەك کولتور کردن و یەکرەنگ کردنی ئێران نەپرینگایەوە. بەگشتی دەوڵەتی ئێران بووە دەوڵەتی نەتەوەی فارس، بەڵام بە نێوی "ملت ایران" .

ئامانجی سیاسەتی رەزا خان، سڕینەوەی جیاوازییە نەتەوەییەکان و پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوەی فارس و سەپاندنی یەك زمان و یەك کولتور بوو لە هەموو ئێراندا. ناو و بەرهەمی ئەم سیاسەتەش "اتحاد" و "یگانگی" و "ملت ایران" بوو. دروشم و ناوێك کە رێژیمی پێشوو، کۆماری ئیسلامی و شۆڤینیستە ئێرانییەکانی دیکە، سەرەڕای جیاوازییەکانیان و ململانێیان لەسەر دەسەڵات، باوەڕ و ئیدئۆلۆژی هاوبەشیانە.

ناسیۆنالیزمی ئێرانی، خاوەنی کولتورێکی ئازاد و دیمۆکراتی نییە. بناغەی لەسەر سڕینەوەی دییەکان و خۆسەپاندن دانراوە. بەزەبری کوشت و بڕ و زیندان و پەت و سێدارە بە پێوە ماوە!.

ناسیۆنالیزمی کوردی لە کوردستانی رۆژهەڵات بریتییە لەو بزاڤە سیاسییەی کە لەو ناسیۆنالیزمە راساوە و لە قاڵبی چەندین راپەڕین و هەستانی گەورەدا بە ئامانجی رزگاری و دامەزرانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ، یان لەشکڵ و شێوازی دیکەدا دەرکەوتووە. راپەڕینی گەلی کورد بە رێبەرایەتی سمکۆی نەمر، دامەزرانی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوای نەمری کورد قازی محەممەد و خەباتە چەکدارییە ١٨ مانگییەکەی ٤٦-٤٧هەتاوی و خەباتی ٢٥ساڵی رابردووی گەلەکەمان، سەرەڕای هەر لێڵی و ناڕۆشنییەکیش کە لە بەرنامەی سیاسیاندا هەبووبێ، لە ناوەڕۆکدا، هەر کام ئاڵقەیەك لە بزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ پچڕاندنی کۆت و بەندی دیلی و ئازادی و پێکەوەنانی کیان و دەسەڵاتی نەتەوەیی بوون.

ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئێران، بە پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، فراوانخواز، دەسدرێژکەر، پاوانخواز و داگیرکەر نییە. دیمۆکراتی، ئاشتیخواز و رەوایە. دژی هیچ نەتەوەیەك نییە و لەسەر حیسابی هیچ نەتەوەیەکی دیکە ناژی. ژینگەی ئەو، ئەو پانتاییە کولتوری و جوغرافییەیە کە دەیەوێ چەترێکی سیاسی بەسەردابگرێ و ئاڵای خۆی لەسەر هەڵدا. بزاڤێکە بۆ پارێزگاری لە ناسنامە و کولتور و زمان و مێژوو و خاك و چێکردنی دەسەڵات و دەوڵەتی نەتەوەیی. یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان خۆی بەم رەوت و بزوتنەوەیەوە پێناسە دەکا.

کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و هاوکێشە سیاسییەکانی پاش ئەو رووداوە، هەر کام لەم دوو ناسیۆنالیزمەی بناژۆتر کردوە. ناسیۆنالیزمی ئێرانی بۆ پاراستنی خۆی و ناسنامە و دەسەڵاتی بیر لە گەڕاندنەوەی زەوییە لە کیس چووەکانی دەکاتەوە و تێدەکۆشی زمان و کولتوری بگەیەنێتە هەر کوێیەك کە تاکە فارسێکی لێدەژی. لە کوردستان، لە چەن شوێنی وەك ئیلام و کرماشان و سنە هەوڵی گۆڕینی سیمای دێمۆگرافی ئەو شارانە دەدەن. لە نێو خۆشدا، بەرەبەرە دامودەزگا ناوەندییە گرینگەکانی دەوڵەت، لە نەفارسەکان پاك دەکرێنەوە. لە بەرانبەردا، ناسیۆنالیزمی کوردی گەشەی کردووە و ئەمڕۆ بووەتە بەهێزترین گوتاری ناو کۆمەڵگەی کوردی. هەژانەکانی زامی هەڵەبجە، کۆڕەو، گیرانی ئۆجەلان، یەکی شوبات و پەسندکرانی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق، قووڵایی و پانتایی ئەو ناسیۆنالیزمەیان ئاشکرا کردوە.

ناسیۆنالیزمی کوردی و ناسیۆنالیزمی ئێرانی راست لە خاڵی بەرانبەریەکدا راوەستاون و بە وێنەی دوو هێڵی هاوتەریبن کە قەت بە یەك ناگەن.

بۆیە، "خەباتی هاوبەش" لە نێوان حیزبێکی نەتەوەیی کورد و حیزبێکی ناسیۆنالیزمی ئێرانی پشت قایم بە چەمکی دەوڵەت–نەتەوە و حاشاکەر لە فرەنەتەوەیی بوونی ئێران و بە قەوم و تیرەدانانی گەلی ئێمە؛ هیچ بنەمایەکی بەهێزی نییە و هیچ رادەیەك لە قازانج و بەرژەوەندی کوردی تێدا بەدی ناکرێ و لە رووی سیاسی و رەوانییەوە زیان بە کورد و بزوتنەوەکەی دەگەیەنێ!

**٢- پرسی کورد و ئالترناتیوەکانی چارەسەر کردنی:**

گەشەی رۆژ بە رۆژی بیری ناسیۆنالیزم لە ئاستی دنیا و لە نێوخۆی ئێران، هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەت، رزگاری ژمارەیەك لە نەتەوە بێدەوڵەتەکان و پێکهێنانی کۆماری فیدراڵ یان دەوڵەتی سەربەخۆ، رزگاری کوردستانی باشور و هەبوونی حکومەت و پارلمانی کوردی، دەوری کورد لە حکومەتی ناوەندی عێراقدا و ئاسۆی روونی ئەو بزاڤە بەهێزە نەتەوەییەی لە کوردستانی رۆژهەڵات لە ئارادایە، هەموو لایەنە پێوەندیدارە ئێرانییەکانی لە بەردەم وەڵامدانەوە بەو پرسە و پاشەرۆژیدا راگرتووە!.

بەرەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، چ بەشی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوای، چ بەشی ئۆپۆزیسیۆنی، ئامادەنین پرسی کورد ئەو جۆرەی کە هەیە ببینن و مافی دیاریکردنی چارەنووسی بەرەسمیەت بناسن.

رێژیمی حاکم لە ٢٥ ساڵی رابردوودا، بەو پەڕی توانایەوە زەبر و زەنگی دژی کورد و بزوتنەوە رزگاریخوازییەکەی بەکار هێناوە. ئێستا بە سەرنجدان بەو گۆڕانکارییانە و سەرنەکەوتنی سیاسەتی زەبروزەنگ و تێرۆر و کوشت و بڕ، هاوکات لەگەڵ درێژەدان بەو رەفتارە؛ ئیدئۆلۆگە ناسراوەکانی هاتوونە مەیدان تا بە ژێستی رۆشنبیرانە و کارناسانەوە "پلۆرالیسمی مەدەنی" و "ناسیۆنالیزمی مەدەنی" بکەنە، ئالترناتیوی مافی سیاسی گەلی کورد. ئەم پیلانە لەگەڵ بۆچوونی ژمارەیەك روناکبیری دوورە وڵاتی کورد کە "مافی شارومەندی"یان لە جیاتی مافی سیاسی بۆ کورد داهێنا؛ لە هێشتنەوەی گەلی کورد بە بندەستی و توانەوەی هەنگا و بە هەنگاوی لە کولتوری نەتەوەی سەردەست دا، یەکیان گرتەوە.

بەشی ئۆپۆزیسیۆنی ناسیۆنالیزمی ئێرانیش بە "قەوم" و تیرە دانانی گەلی کورد و هێنانە گۆڕێی "یەکسانی هەموو ئەقوامی ئێرانی لە دابەشکردنی دەسەڵات"دا (کە لە وتاری رابردوودا روونمان کردەوە) یان بە مەرحەمەتی هێندێك مافی کولتوری و رۆشنبیری بۆ کورد و باسکردن لە فیدرالیزمێکی کارگێڕی (نەك نەتەوەیی و جوغرافی) و بەدەستەوە گرتنی دروشمی دیمۆکراسی؛ لە کورد و بزوتنەوە و مافەرەواکانی لە فێڵن. هەر ئەو جۆرەی کە باڵەکانی شۆڤینیزمی عەرەبی لە عێراقدا هەمیشە لە کورد لە فێڵ بوون و قەت رێزی بەڵێنەکانی خۆیان نەگرتووە. لە کاتێکدا کە لە یاسای بنەڕەتی عێراقی پاش حوکمی مەلیکی، عێراق بە نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەب پێناسە کرابوو، گەلی کورد کەتەبەر پەلامار و شەڕی بەسەردا سەپا. لە حاڵێکدا، رێژیمی بەعس، خودموختاری و مافی رۆشنبیری و کولتوری کوردی بەرەسمی ناسیبوو و٣ ئوستانی کوردستانی بە ناوچەی حوکمی ئۆتۆنۆمی دانابوو، تاونەکانی ئەنفال و کیمیابارانیان بەسەر کورد هێنا.

لە سەردەمی ئێستاشدا، ئۆپۆزیسیۆنی دوێنێی عێراق سەرەڕای ئەوەی لە کۆنگرەکانی لەندەن و پیرمام دا، پرێنسیپی فیدرالییان قبوڵ کردبوو، پاش گیربوونی دەستیان لە نیمچە دەسەڵاتێك، کەوتنەخۆ بە دژی فیدرالیسم و

داخوازەرەواکانی گەلی کورد. لەوگەلە کۆمەکیەدا کە لە دژی فیدراتیو کردنی عێراق وەرێیان خستبوو، بێجگە لە باڵی دیمۆکراتیی عێراق (کە زۆر لاوازە)، گرینگترین هێزە عێراقییەکانی شیعە و سونی کە تا دوێنێ بەرهەڵستکاری ڕێژیمی سەدام حسەین بوون و دەمیان لە دیمۆکراسی دەکوتا؛ دەستیان لە نێودەستی یەك نابوو.

بۆیە ئەوەی لە کوردستان و لە نێو دڵ و مێشك و ئاوات و ئارەزووەکانی رۆڵەکانی گەلی کوردایە، لەگەڵ هەموو ئەو ئاڵترناتیوانە، جیاوازە. گەلێك کە کۆرەوی خوشك و برایانی خۆی لە ئامێز گرت و لە یەکی شوباتدا رەشی پۆشی و لە ٨ی مارسدا (رۆژی پەسند کرانی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق) خرۆشا و ئاڵا و هێماکانی دیکەی داگیرکەری هێنایە خوارێ و ئاڵای نەتەوەیی هەڵکرد؛ نیشانی دا لەگەڵ کێ خۆبە هاوچارە نووس دەزانێ و خەونەکانی چین؟

یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان، ١٣ ساڵ لەمەوبەر بە دەرکی زەرووڕەتەکانی زەمان، ستراتیژی سەربەخۆیی و فیدرالیزمی وەك مانیفێستی ئازادیی کورد، لە رۆژهەڵات داهێنا.

لەم روانگەوە، تەنیا بە سەربەخۆیی و بە دەوڵەت بوونە، ئاواتی کورد وەدی دێ و بە یەکجاری کێشەی نەتەوەیی چارەسەر دەکرێ و دەبڕێتەوە. ئەوە مافی کوردە، درەنگ یا زوو دەبێ وەدی بێ! کوردستانی سەربەخۆ، کوردستانێکی ئازاد، دیمۆکرات و ئاشتیخواز و هۆکاریی سەقامگیریی سیاسیی و ئەمنی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێ.

بەڵام لە کاتێکدا هەموو فاکتۆرە سیاسیە دەرەکی و نێوخۆییەکان لە قۆناغی ئێستادا بۆ وەدیهاتنی ئەم ئاواتە ئامادە نین، لە گەڵ ئەوە دا کە دەبێ وەك ئامانج و ستراتیژیکی پیرۆز بپارێزرێ، بەرابەریی مافی سیاسیی لە گەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەتوانێ تەنیا رێگای پێکەوە ژیانی بە ئاشتی لە چوارچێوەی ئێراندابێ! سیستمێکی ئەوتۆ، فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی، لە سەر بناغەی نەتەوەیی و جوغرافی، ماف و ئازادیی گەلی ئێمە لە سەر خاکی خۆی دابین دەکا و بە و دەسەڵاتە نەتەوەییەی دەیبێ،دەیپارێزێ.

پانیرانیستەکان و هەموو هێزەکانی ناسیونالیزمی عەزەمەت خوازی ئێرانی، چ ئەوانەی بە ناوی دین/ەوە کار دەکەن، چ پارێزەرانی "یەکێتی چینی کرێکاری ئێران و "یەکێتی خاکی ئێران"، نە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بە رەسمیەت دەناسن و نە ئامادەن ئێرانێکی فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی قبوڵ بکەن.

بۆیە تەنیا ئامانجی هاوبەشی رووخاندن یان لابردنی کۆماری ئیسلامی لە نێوان هێزە نەتەوەییەکانی کورد و ئۆپۆزسیونی شۆڤێنیستی ئێرانی، یەك لەوان حیزبی پان ئێرانیست، ناتوانێ پرێنسیپ و بنەمایەکی تەواو بێ بۆ هاوکاری و "خەباتی هاوبەش" لە نێوانیاندا.

**٣- کورد و پرسی هاوپەیمانێتی لە ئێراندا**

هێزە نەتەوەییەکانی کورد و تاك تاکی مرۆڤی کورد و هەموو چین و توێژەکانی کوردستان هاوپەیمانی راستەقینەی یەکترن. ئێمە بە یەکێتی و یەکخستنی گوتاری نەتەوەیی و سوور بوون لە سەر مافەکانمان و داوای راشکاوانەیان، گەورەترین و گرینگترین پەیمانی نەتەوەیی دەتوانین لەگەڵ یەك ببەستین! هێزە نەتەوەییەکانی کوردستان دەتوانن بۆ چێکردنی بەرە یان ئیئتلافێکی کوردستانی پێکهاتوو لە هێزە سیاسیەکان، کەسایەتییە خەباتگێڕ و ئازادیخوازەکان و رێکخراوە دیمۆکراتییەکان رێککەون و هەنگاوی بە کردەوە هەڵگرنەوە. کورد بە بوونی بەرە یان ئیئتلافێکی

کوردستانی، دەتوانێ لە هاوکێشە سیاسییە دەرەکی و نێوخۆییەکاندا، یەکگرتووانە بچێتە ململانێی بەرژەوەندییەکان و بەرەو گەیشتن بە ئامانج پێشڕەوی بکا.

لە ئاستی ئێراندا، نەتەوە بندەستەکانی ئێران، ئەوانەی وەك کورد ماف و ئازادییان زەوتکراوە و چەوسانەوەی نەتەوەییان لەسەرە، دەتوانن هەم بۆ وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی هەم بۆ ئێرانێکی فیدراتیوی لەو چەشنەی باسکرا، هاوپەیمانانی کورد بن.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ٥ مانگ لە مەوبەر، لە بانگەوازیکدا بۆ هێزە سیاسیەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، داوای لێکردن چوارچێوەیەك بۆ هاوکاری پێکبێنن کە بەخۆشیەوە وەڵامی دڵخوازی لێوەرگرتنەوە و دوای ماوەیەکی کورت لەو بانگەوازە، "کۆمیتەی یەکێتی نەتەوە بندەستەکانی ئێران" لە لەندەن پێکهات.

گەلی کورد و هێزە نەتەوەییەکانی بەرژەوەندییان لەوەدایە، ئەم پێوەندییە بە هێز بکەن و ئەو کۆمیتەیە وەك بەرەیەکی سیاسی چالاك بکەن. نەتەوە بندەستەکانی ئێران هەرکام ئەزموونی تاڵیان لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سەرانسەرییەکاندا هەیە. ئەوانەی جاروبار تۆزە نفوز و دەسەڵاتێکیان هەبووە، هەرکام لە شوێنی خۆیان خەسارەتی گەورەیان تووشی بزوتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران کردووە.

بێجگە لە نەتەوە بندەستەکان و هێزە سیاسیەکانیان، هێزو بزووتنەوە دێموکراتییەکانی ئێران، دەتوانن هاوپەیمانانی گەلی کورد و هێزە نەتەوەییەکانی بن. لەم ڕوانگەیەوە هێزو بزووتنەوەی دێموکراتیك، ئەوانەن کە سەرەڕای هەر ئیدئولۆژییەك کە هەیانە، فرە نەتەوەیی بوونی ئێران دەسەلمێنن، مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد ڕاشکاوانە بە ڕەسمی دەناسن و فیدراسیونێکی دێموکراتی لە سەر بناغەی نەتەوەیی و جوغرافی قبوڵ دەکەن.

ئەم پرێنسیپانە بۆ گەلی کورد حەیاتین. سوور بوون لە سەریان سەرکەوتن و دەسکەوتی مەزنیان بەشوێندا دێ. چاوپۆشیی لێیان ڕێگا بۆ دووپاتبوونەوەی ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردوو خۆش دەکا.

.

٦/سەرماوەزی/٢٧٠٤

٢٦/نوامبری/٢٠٠٤


www.ruk2691.com
ruk2691@yahoo.com


(١) ئارمی حیزبی پان ئێرانیست. بڕواننە سایتی حیزبی پان ئێرانیست

(٢) هەمان سەرچاوە